

# نازم حیکمەت

## شاعیری کۆمۆنیست
## و دەردەداری تورکیا
## شایستەی ڕێزلێگرتنێکی
## جیهانییە

باران

لانیکەم بۆ ڕۆژێك دنیا بدەینە دەست منداڵان، تا دنیا هەست بە ئاشتی و دۆستایەتی بکات، منداڵان، دنیا لە دەست ئێمە وەردەگرن و نەمامی ئەبەدی تیادەچێنن!

نازم حیکمەت یەکێك لە شاعیرانی ناوداری سەدەی ڕابردوە، لەو دەستە شاعیرانەیە کە بە شیعر و ژیانی خۆی، دنیای تووشی سەرسوڕمان کردوە. شیعرەکانی کاردانەوەی ڕاستەوخۆی ڕەنج و ئازارەکانی سەردەمەکەی و هاواری دەروونی بوون، لەپێناو ئازادی وڵات و دانیشتوانەکەیدا. ناوی ئەو لەگەڵ ئاوات و ئامانج و هیوا ڕیشەدارە مرۆییەکاندا، خاوەنی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکە. ئەمەش سەمەرەی ئەو خەبات و خۆڕاگریەیە، کە لە دژوارترین بارودۆخەکاندا لە مەیدانی نەبەرد و خۆڕاگریدا لە بەندیخانە و زیندانە جۆراو جۆرەکانی وڵاتی تورکیەدا بەدەستیهێناوە. شیعرەکانی دەستکەوتی ڕۆح و ڕوانینیەکانی لە ژیانی گەلەکەیدا و هیوا و ئەویندارییەتی سەبارەت بە جوانیەکان و دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ هەموو ئەو بەربەست و کۆسپانەدایە، کە لەسەر ڕێی پڕ لە بەردەڵانی ئازادی و ڕزگاریدا قەراریان گرتوە، لەبەرئەوەیە کە بەبیستنی ناوی نازم دنیایەك لە بیرەوەری و جوانی بە زەیندا دێنەوە. شیعرەکانی زایەڵەی ئاوات و ئامانجە جوانە ئینسانییەکان وەدەنگ دێننەوە. دەکرێت بڵێین کە هیوا، هیوای گەورەی ڕزگاربوون لە چنگ دەسەڵات و ستەمی زۆرداران و چەوسێنەران لە سایەی شیعرەکانیدا، بەردەوام بە زیندویی دەمێنێتەوە. بەمجۆرەیە کە ئاوڕدانەوە لە ژیان و شیعرە زیندوەکانی چیرۆکی هەوڵی هەمیشە پڕلە حەماسەتی بیردێنیتەوە، چیرۆکی ژیانێکی لێوڕێژ لە خەبات و خۆشەویستی و ئازادیخوازی و مانەوە لەسەر پەیمان لەگەڵ خۆ و یاراندا، لەبەر گشت ئەمانەش بەلەخۆباییبوون و زێدەڕۆیی، ڕازایەوە بەرەوپیری مەرگ چوون. نازم حیکمەت شیعرەکانی ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانیەتی و بەرهەمەکانی شۆلاوگەی ئێش و ئازار، غەم و شادی، بیرو بۆچوون و هەستە سەرکێشەکانی ناخین. نازم ژیانی خۆی بەهەموو ماناوە ئاوێتەی شیعرەکانی کردوە. بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دەتوانین کەسایەتی ئەم مرۆڤە مەزن و خاوەن هەڵوێستە بناسین.

نازم حیکمەت بەرلە چوونی بۆ یەکێتی سۆڤیەت، لەگەڵ شیعری ئازادی فەرەنسادا ئاشنابوو. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی لە شاری باتوم مایەوە، لە ڕۆژنامەی» ئیزوسیتا» دا شیعرێکی خوێندەوە کە پێدەچێت شیعری ڤیلادیمیر ماياکوفسکی بوبێت، هەرچەند کە نازم حیکمەت بەهۆی ئاشنانەبوونی بە زمانی ڕوسی، نابێ هیچی وای لێ حاڵی بووبێت، بەڵام شێوەی داڕشتن و برگەی پەنجەیی شیعرەکە هەستی دەجوڵێنێ. کاتی گەڕانەوە لە باتوم بەرەو مۆسکۆ، لە ژێر کاریگەری بینینی خەڵکی هەژار و برسی، شیعری « گلێنەی چاوی برسیەکانی» نوسی، بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانی ئەم شیعرە بخاتە چوارچێوەی « هێجا» وە، بە ئیلهام لە فۆڕمی شیعرەکەی ڕۆژنامەی ئیزوسیتا، دەستیدایە نووسینی ئازادی شیعر.

نازم حیکمەت شاعیرێکە کۆمەنیست بوونەکەشی وەك شیعر و ناوەکەی، ناوبانگی جیهانی هەیە. لەو شیعرانەوە کە بۆ منداڵان، ژنان، زەحمەتکێشان، ستەملێکراوان و زیندانیانی گشت جیهانی نوسیوە، دەردەکەوێ، خاوەنی دڵ و دەروونێك بووە، کە ئارامی و ئاسایش و ئاسوودیی ویژدانی لە بەختەوەری هەموان و ئازادی گشتیدا دەبینی ، ئەمانەشی لە مەیدانی بیرو بۆچوونی کۆمەڵایەتی و خەباتکارانەی و لە شیعر و چیرۆك و شانۆنامەکانیدا، بەشێوەی جۆراوجۆر دەردەبڕی.

لە شیعری» ئەو کەسەی کە دەڕوات» دا نوسیویەتی»

**هاوڕێیان مەڕواننە چاوەکانی من**

**گریان لە ناخمدا قوڵپ ئەدا...**

بەڵێ هەربەو چەشنەی قوڵپی گریان، ناخی دەسمێت و سەردەکات،



بیر و بۆچوونەکانیشی لەناخیەوە سەرچاوە دەگرن. یەکسانیخوازی، عەدالەت و ئازادیخوازیەکەی شتێکی زاتیە. پاڵنەرەکانی لە ماوەی ژیان لە کۆمەڵگەی ستەملێکراوی تورکیەدا و بینینی بارودۆخی ژیانی ڕۆژانەی هەژاران و کەسانی بێ ماڵ و حاڵ، لە دەروونی خۆیدا پەروەردە و بارهێناوە. بەم تایبەتمەندیانەوەیە کە دەڕوانێتە دیاردە و شتەکان. لە تیرێژی ئەم ڕوانینەوەیە، کە فۆڕم و ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەدۆزێتەوە. ئەو لەهەموو گۆشە و قوژبنێکی ئەم دنیایەدا، دەیتوانی بەو شێوەیە بنووسێت، کە سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی، تۆمەتباریانکردبوو بەوەی، کە ناپاکە بەرامبەر بە نیشتمان، نوسیویەتی: ئەگەر وەتەن مژینی خوێنی سووری دەستەکانی ئێمە لە کارخانەکانتاندا بێت، ئەگەر وەتەن چنگاڵی ئەربابەکانتان بێت، ئەگەر وەتەن حکومەتی باتومی پۆلیس و گورز و گۆپاڵ بێت، ئەگەر وەتەن پێگە ئەمریکاییەکان، بۆمبە ئەمریکاییەکان بێت، ئەگەر وەتەن ڕزگار نەبوون لە شەوەزەنگی گەنیوتان بێت، من خائین بە وەتەنم! بەڵێ خائین بە وەتەن. وتمان کە ناو و ناوبانگی لەگەڵ هیوا و ئاواتە ڕیشەدارە بەشەریەکاندا، خاوەنی پەیوەندیەکی ئۆرگانیکە. لەهەمانکاتدا هاوهەنگاوی و هاوڕێی لەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستەکانی سەردەمی خۆیدا، لەم بابەتە تایبەتەدا لە یارییە سەرسوڕهێنەرەکانی چارەنووسی ئەو بوون. سەبارەت بە نازم حیکمەت و بیر و بۆچوون و هەڵوێستەکانی نووسراوە:» لەوەی کە ڕەوتی کۆمۆنیزم لە شورەوی بەرەو ئاستی دیکتاتۆریەکی تاکەکەسی دابەزیوە، نیگەران و بێهیوا بوو. ئەو بەردەوام بە ترس و نیگەرانیەوە سەبارەت بەم بابەتە بیرو بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕی و زۆرجار لەمبارەیەوە بێدەنگی هەڵدەبژارد، بەڵام لای ئەو هاوڕێیانەی کە بڕوای پێیان بوو، بە هێمنانە باسی لە خەم و بێهیواییەکانی خۆی دەکرد. بۆ نموونە لە ساڵی 1951 دا، بە ئیلیا ئەهرنبێرگی وتبوو:» ڕێزێکی زۆرم بۆ هاوڕێ ستالین هەیە، بەڵام بەرگەی خوێندنەوەی ئەو شیعر و بابەتانە ناگرم، کە ئەو وەك خۆرێکی درەوشاوە دەناسێنن.  هەستێکی خراپە.» دوای مردنی ستالین یەکێتی نوسەرانی ڕوسیا داوای لە شاعیران کرد، سەبارەت بە ستالین شیعر بنووسن. نازم حیکمەت بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، نەك ستالین، بەڵکو مارکس و ئەنگڵس و لینینی خستە ناوەندی ڕەوتی شۆڕشەوە و لەکۆتایی شیعرەکەشدا، جەختی لەسەر هاوپشتی چینایەتی کردەوە. نیگەرانی و بێهیوایی شاعیرێکی وەك نازم حیکمەت لەنێو فریوخواردوانی ئایدۆلۆژی و دەسەڵاتدا، شیاوی هەستپێکردنە، نازم حیکمەت دەڵێت» ئەو نیگەرانی ئەوە بووە، کە ئازادانە بیرو بۆچوونەکانی، لەنێو هاوڕێکانیدا دەرببڕێت» بۆ کەسێك کە لەپێناو ئازادی ڕادەربڕیندا، گەلێکجار و ساڵەهای ساڵ کەوتۆتە زیندان و تا لێواری مەرگ خۆڕاگری کردووە و لە گشت دەورانی زیندانیبوونیدا، بۆساتێکیش لە بیرو بۆچوون و ئامانجە ئینسانی و دادپەروەرەکانی غافڵ نەبووە، ئەمەشی لە شیعر و سرودەکانی قۆناغەکانی

زیندانییوونیدا، بە ڕوونی تۆمارکردووە، ترس و نیگەرانی لە شکڵی سادە و سەرەتایی خۆیدا نەیتوانیووە، واتایەکی هەبێت. بێهیوایی و ترس و نیگەرانی لای ئەو، دەبێ لە ڕەوتێکی گەورەترەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە ڕاز و ڕەمزی چارەنووسی هاوڕێکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە! بەڵام ئامانجی ئەو لە پەیوەستبوون بەم ڕەوتە بنیاتنانی دنیایەکی ئازاد و ناچینایەتی و دوور لە هەژاری و نەزانی و دابەشکردنی سەروەت و دەسەڵات و گێڕانەوەی کەسایەتی بۆ سەرجەم ئینسانەکان بووە. بە هەموو ئەمانەشەوە یۆتۆپیای زۆرێك لە کۆمۆنیستە ناسراوەکانی دنیا، هەر لەو ساڵانەدا کە ئەو دەستیدەدایە مانگرتن لە خواردن و ئەم حەرەکەتە، لە ژێر سێبەری بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لەلایەن کۆمەنیستەکانەوە، کە لە زۆر وڵاتدا، دەبووە سەردێڕی یەکەمی ڕۆژنامەکان، بەسەریەکدا ڕماو و وێرانببوو.

گومانی تێدا نییە، کە نازم ئاگاداری هەموو ئەم ڕووداوانە بوو. ڕەنگە هەر ئەم ئاگاداربوونەش بووبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ،یان ڕەنگە، بێدەنگیە درێژماوەکانی. بابەتێك کە ڕەنگە بووبێتە سەرچاوەی ترس و بێ هیوایی و بەدگومانیەکانی. ئەمەش خۆی داستانێکە کە دەبێ لە جێگایەکی دیکەدا بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە. نازم حیکمەت هێشتا زیندوبوو، کە ناوبانگ و شیعرەکانی سنووره جیهانییەکانیان بەزاند بوو. زۆرێك لە نووسەران و هونەرمەندانی گەورەی دنیا، گەلێکجار بۆ ئازاد بوونی لە زیندان دەستیانداوەتە ناڕەزاییەتی دەربڕین. ژان پۆل سارتەر، پیکاسۆ و نیرۆدا لەنێو ئەو کەسانەدا بوون. نیرۆدا سەبارەت بەو وتویەتی:» شیعرەکانی مەزنن، وەك ڕووباره بەرینەکان، بەڵام ئەم ڕووبارە هەروەك سێڵاوێك لە پۆڵا بەرەو مەیدانی خەبات لە خرۆشاندایە. ئەو ساڵانەی لە زینداندا بەسەری بردووە، زمانی شیعری نازمی تا ئاستێکی سەرسوڕهێنەر گەشە پێداوە. دەنگ و زایەڵەی بەرهەمەکانی لە سەرتاسەری دنیادا دەبیسترێ.

شانازی دەکەم کە شیعرەکانم لەم دۆخە هەستیارەی خەبات لەپێناو ئاشتیدا هاوشانی شیعرەکانی نازم حیکمەت وەستاون.» ژان پۆل سارتەر دەنووسێت:» نازم، دۆستێکی بەوەفا، تێکۆشەرێکی بوێر، دوژمنێکی بێ ڕاڕای دوژمنانی ئینسان، بێ سەرنجدانە هەمووشتێك، دەیویست لەهەر شوێنێك کە دەرفەتی خزمەتکردن بە ئینسانەکان هەیە، حزور و بەشداری هەبێت… بەڵێ نازم حیکمەت، شاعیری ئازارچەشتو و کۆمۆنیستی هەمیشە زیندوی تورکیا، شایستەی ڕێزلێگرتنێکی جیهانییە. نموونەیەکی تر لە شیعرەکانی:

**« حەسرەت» ی نازم حیکمەتە**

**کە سەعید ئەمانی وەریگێڕاون،**

دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ دەریا و وێنای باڵاکردوی خۆم لە ئاوێنەی ئاودابببینمەوە، من دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ نێو دەریا پاپۆڕەکان بەرەو ئاسۆی ڕوون دەئاوژوێن، بەبێ ئەوەی کەسەرێك بایەوانەکانیان شلوێ بکات. ڕۆژێك تەمەنم لە کەشتیەکاندا کۆتاییدێت، گەرەکمە وەك تیشکێك کە بەناخی ئاوەکاندا ڕۆدەچێ تێیاندا بکوژێمەوە. دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ دەریا دەمەوێت بەرەو دەریا بگەڕێمەوە.

